# کەسێک ئاوریشم دەپۆشێت کە هیچ بەشێکی بۆ نەبێت

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئاوریشم مەپۆشن، هەرکەسێک لە دونیادا بیپۆشێت (لە پیاوان)؛ ئەوا لە دواڕۆژدا نایپۆشێت». ولە گێڕانەوەیەکدا دەفەرموێت: «کەسێک ئاوریشم دەپۆشێت کە هیچ بەشێکی بۆ نەبێت». وهەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: «(کەسێک دەیپۆشێت) کە هیچ بەشێکی بۆ نەبێت لە دواڕۆژدا -لە بەهەشتدا-».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ریواتەکەی]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کەسێک ئاوریشم دەپۆشێت لە پیاوان کە هیچ بەشێکی نەبێت لە دواڕۆژدا -لە بەهەشتدا-، ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندە، چونکە پۆشینی ئاوریشم تایبەتە بۆ ئافرەتان ونەهی کراوە لەوەی پیاوان بیپۆشن لە دونیادا، ولە پۆشاکی ئەهلی بەهەشتە، لە دونیادا تەنها ئەو پیاوانە دەیپۆشن کە خۆبەگەورەزان ولووتبەرزن وشانازی بەسەر خەڵکیەوە دەکەن بەهۆی پۆشینیەوە؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پۆشینی، ونەهی کردنەکە تایبەتە بە ئاوریشمی سروشتی، پێویستە مرۆڤ تەنانەت ئاوریشمی دەستکردیش نەپۆشێت چونکە نەرمی تێدایە، وحەرام نییە هەروەکو (لیژنەی فەتوادان: اللجنة الدائمة) فەتوای لەسەر داوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee